هۆنراوە بۆ منداڵان:

# پیشەوەر



شاعیر

بەختیار کەڵهوڕی

# پیشەوەر




- نووسەر: بەختیار کەڵهوڕی
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٢
- بابەت: هۆنراوە بۆ منداڵان
- تیراژ:٥٠٠
- چاپی: یەکەم

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
ژمارە سپاردنی ( ١٢٠ ) ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.




# سوپاس و پێزانین



- سوپاس بۆ تەواوی ئەو کەسانەی کە هاوکار و پاڵپشتم بوون بۆ بەچاپ گەیاندنی ئەم پەرتووکە.



## پێشکەشە بە:

- ڕۆحی پاکی باوکم.
- دایکی ئازیزم کە هەمیشە پاڵپشتی کارەکانم بووە.
- برا و خوشکەکانم.
- هاوسەری خۆشەویستم ( ماردین ).
- جگەرگۆشەکانم ( لەنیا و لۆنا و لەوەند ).
- تەواوی منداڵانی سەر ڕووی ئەم زەمینە.



## پێشەکی:

لە پەرتووکی پیشەوەردا وەکو شاعیر دەمەوێت بە هۆنراوەکانم هەندێك لە پیشەکان پیشانی منداڵانی هەموو جیهان بدەم، بە شێوەیەکی جوان و ناوازە، بۆ ئەوەی منداڵان بزانن کەوا پیشەکان بۆ ژیانمان زۆر پێویست و گرنگن، هیچیان لە هیچیان کەمتر نین و بەڵکو تەواو کەری یەکترین، لەوەش تێبگەن جیاوازی تاکی هەمیشە ڕەنگا و ڕەنگە و سروشتی تاك و بەهاری کۆمەڵگا جوانتر و ڕازاوەتر پیشاندەدات و کۆمەڵگاش هەمیشە بەرەو هۆشیاری و ژیار و پێشکەوتن دەبات، بۆیە دەبێ ئێوەی منداڵانیش لە داهاتوودا خۆتان بۆ پیشەیەك لەو پیشانە ئامادەبکەن و کە پیویستییەکی ژیانە و ژیانیش گشت پیشەکان دەگرێتە خۆی، بۆ ئەوەی بە یەکەوە وڵاتمان جوانتر و ڕازاوەتر بکەین.

شاعیر

بەختیار کەڵهوڕی



## پێرست


| ز | هۆنراوه | لاپەڕه |
| --- | --- | --- |
| ١ | پیشەوەر | ٨ |
| ٢ | ئاگرکوژێنەوە | ٩ |
| ٣ | پینەدۆز | ١٠ |
| ٤ | پەیامنێر | ١١ |
| ٥ | نانەوا | ١٢ |
| ٦ | پۆلیسی هاتووچۆ | ١٣ |
| ٧ | گۆشت فرۆش | ١٤ |
| ٨ | بەرگدروو | ١٥ |
| ٩ | یاریزان | ١٦ |
| ١٠ | دادە | ١٧ |
| ١١ | شوێنەوارناس | ١٨ |
| ١٢ | چێشت لێنەر | ١٩ |
| ١٣ | ڕۆژنامە نووس | ٢٠ |
| ١٤ | سەرباز | ٢١ |
| ١٥ | پزیشکی چاو | ٢٢ |
| ١٦ | پۆستەچی | ٢٣ |
| ١٧ | دادوەر | ٢٤ |
| ١٨ | وێنەگر | ٢٥ |
| ١٩ | پۆلیس | ٢٦ |
| ٢٠ | مامۆستا | ٢٧ |
| ٢١ | کەشتیوان | ٢٨ |
| ٢٢ | پزیشك | ٢٩ |
| ٢٣ | بەقاڵ | ٣٠ |
| ٢٤ | ئەندازیار | ٣١ |
| ٢٥ | ماسیگر | ٣٢ |




| ز | هۆنراوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢٦ | کارگوزار | ٣٣ |
| ٢٧ | مۆسیقار | ٣٤ |
| ٢٨ | کەشناس | ٣٥ |
| ٢٩ | ڕۆژنامە فرۆش | ٣٦ |
| ٣٠ | بۆیەچی | ٣٧ |
| ٣١ | پەرستار | ٣٨ |
| ٣٢ | جوتیار | ٣٩ |
| ٣٣ | شۆفێری تەکسی | ٤٠ |
| ٣٤ | کرێکار | ٤١ |
| ٣٥ | پزیشکی ددان | ٤٢ |
| ٣٦ | کارمەندی بەنزینخانە | ٤٣ |
| ٣٧ | باخەوان | ٤٤ |
| ٣٨ | شەمەندەفەر | ٤٥ |
| ٣٩ | کارەباچی | ٤٦ |
| ٤٠ | دارتاش | ٤٧ |
| ٤١ | بەڕێوەبەر | ٤٨ |
| ٤٢ | فیتەر | ٤٩ |
| ٤٣ | پزیشکی ئاژەڵان | ٥٠ |
| ٤٤ | ئاسنگەر | ٥١ |
| ٤٥ | شۆفێر | ٥٢ |
| ٤٦ | سەرتاش | ٥٣ |
| ٤٧ | سێرك | ٥٤ |
| ٤٨ | فڕۆکەوان | ٥٥ |
| ٤٩ | دلیڤەری | ٥٦ |
| ٥٠ | کاپتنی دەریا | ٥٧ |

# پیشەوەر



مـنیش دەبمە پیشەوەر
پیشـەوەرێکی سـەروەر

کـاری مــن لـە داهـاتوو
پیشـەیەکە سـەرکەوتوو

بـۆ خزمەت گەل و وڵات
دەبـمە خـۆرێکی هەڵات

پیـشـەیـەك دەدۆزمەوە
خـۆمی تـیـا دەبینمەوە

بۆیە دەڵێم: بە گشتتان
بــە ورد و بــە درشتتان

پیشەکان خۆشـەویستن
بـۆ ژیـانـمـان پێـویستن

# ئاگر کوژێنەوە



مـن ئـاگـر کـوژێنـەوەم
هەردەم لەخزمەت ئێوەم

شـەو و ڕۆژ من، بە ئاگام
بـە دەم هـانـا، لە ڕێگام

بـۆ ژیـانـێـکی ئارام
کـارگـوزارێـکی کارام

بـۆ پـاراسـتـنی ژینگە
بـۆ ئـەو کـارەی گرنگە

بـەرگـری شـارستانیم
من ڕۆڵـەی کوردستانیم

# پینەدۆز



مـــنـــم، مـــــنـــم، پینـەدۆز
پـــیـــشـــــەوەرێکی دڵسۆز

بـــۆ شــــــت و مـــــەکی دڕاو
بەدەرزی و دوورمان و داو

مـەکـیـنـە دەخـەمـە، کار
بە ڕێـدەکەم، ئیش و کار

تــــــا دەگـــــەمـــــە، ئێواره
زۆر دڵخـــۆشـم، بـەو کاره

مـنیش، وەك چینی هەژار
لەگەڵیان دەگرم دەستبار

# پەیامنێر



پەیــامـنـێرم، پەیـامـنـێر
پـیـشـــەوەرێـکی چاودێر

هـەواڵی ڕاســت و دروست
لەکات و شوێنی پێویست

دەردەکــەوم، بـە مــایك
لـە زوومـی دوور و نـــزیك

لـە تــیـڤـی بـێ، یا ڕادیۆ
لـە بـەرنـامـەی ڕاستەوخۆ

پەیــامی دەنگی و ڕەنگی
پەخش دەکەم، بەسەنگی

# نانەوا



من نانەوام، نانەوا
بۆ هەژار و بێنەوا

گشتیان، دەخەمە سەرم
بۆ نانی گەرم و نەرم

ئارد و ئاو و نیشاستە
کە بۆ هەویر پێویستە

دوایی بە مادە و ماشە
بۆ برژانی نان، باشە

لە ناو فڕن و ناو کورە
بە گڕی ئەو ئاگرە

نانێکی جوان و گەرم
دەدەم، بە دەوروبەرم

# پۆلیسی هاتووچۆ



مــن پـۆلیسی هـاتــووچۆم
پـــارێـــزگـــاری گیانی تۆم

لەســـەر شــەقـام و شۆستە
ئـەو شـوێـنەی کە پێویستە

مـن وەسـتـاوم، لەسەر پێ
لە ئەرکی خۆم، بەرێـوجێ

تـــا شـــۆفـــێـــر و پیادە
یـــاســـا بـکــەن، پیادە

کێشـــە و گـرفــت و ڕووداو
هەرگیز ناکـەوتـە، بەر چاو

# گۆشت فرۆش



منم، منم، گۆشت فرۆش
پیشەوەرێکی ڕووخۆش

من ڕۆژانە، لەسەر کار
بە ڕەفتار و بە ئاکار

گۆشت دەفرۆشم بە کیلۆ
بە خەڵکی، بە تاك و کۆ

بە پێی داواکاری خۆی
بە جوانی دایدەنێم، بۆی

چونکە منم، فرۆشیار
وام لە خزمەتی کڕیار

# بەرگدروو



مـــن وەکـــو بـــەرگـــدروو
پیشەی خۆم، دەخەمە ڕوو

بـــۆ پـێـــوانـە و هـــەڵـبـڕین
بـــۆ جل و بـەرگ و دوورین

فـوتە و قـومــاش و مەقەس
مەکینە و دوورمـانە و بەس

بـۆ جـوانی نەخـش و نیگار
تـوانای خـۆم، دەخەمە کار

تـا جـلـی جـــوان، بـدوورم
لەسەر پیشەی خۆم، سورم

# یاریزان



یــاریــزانــم، یــاریزان
وریــا و زیــرەك و لێزان

لـە یاریـگا و گۆڕەپان
من بە ڕۆح و دڵ و گیان

یــاری دەکـەم، هەمیشە
ڕەوشت دەکەم، بەپیشە

چـونـکـە مـن یـاریزانم
یاســای یــاری دەزانم

هەرچی ڕەفتـاری جوانە
بـۆتـان دەکـەم، بە وانە

# دادە

مـــنــدالاَن دەڵـێـن: دادە
لە بـاخـچـە، دڵمان شادە

بـە چـیـــــرۆك و گۆرانی
هـەر خـۆشە، لێی بڕوانی


لـە کـاتـی گـەمـە و یاری
خـەنـدە و شادی دەباری

هەرکە تۆ دێی، بـۆ لامان
خۆشی دەبەخشی پێمان

سوپاس بۆتۆ، دادە گیان
هـەم مامۆستا، هـەم ژیان



# شوێنەوار ناس



مـنم، مـن، شوێنەوار ناس
ئێستا بۆتان دەکەم، باس

پیشەی منە، هەمـوو کات
بـچم، بـۆ شـــار و دێهات

لـە شـــوێـنی کـۆنـە هەوار
بـــدۆزمـــەوە، شـــوێـنەوار

بـۆ ســـەردەمــی ڕابردوو
دەگەڕێـیـنـەوە، مــێــژوو

بۆ ئەو گەردوون و چەرخە
ســـامـــانێـکی بـە نـرخە

# چێشت لێنەر



چێشت لێنەرم، لێزانم
لە گشت، خواردنێ دەزانم

بۆ ژەمی خوانێکی پاك
ئامادەی دەکەم، زۆر چاك

لە تام و چێژ و بۆنی
لە خوێ و بیبەر و ڕۆنی

پێوانەی دەکەم، بۆتان
بە پێی پێویستی خۆتان

تا خواردنێکی بۆن خۆش
بە ڕەنگ و تامی پڕ جۆش

لەسەر سفرە، بۆ میوان
پێشکەش دەکەم، بەهەموان

# ڕۆژنامە نووس



مـنم، مـن، ڕۆژنامە نووس
زمـان پــاراو و ڕێك نووس

لـە گــــۆڤــــار و ڕۆژنامە
پـەیـام و کــورتــــە نامە

مــن دەنـــووســـم، ڕۆژانە
لـە بـــارەی ئـــەم، ژیانە

زانیـاری ڕاسـت و دروست
دەنێـرم، بە پێی پێویست

یـاخـود پـەیــامی ئاشتی
پەخش دەکەم، بە گشتی

وەکـــو جــاران، هەمیشە
ڕاسـتی دەکـەم، بە پیشە

# سەرباز



مــن ســـەربـــازی وڵاتم
مـێــژووی بــەرزی باڵاتم


نیشـتمـانم، خـۆش دەوێ
لـەبــەر چـاوم، نـاکـەوێ

هـەمـیشــە بـە دڵسـۆزی
دەژیـم، بـۆ گەل و هـۆزی

دەپـاریـزم، خـاك و خۆڵ
ئـەو ئەرکە، دەخەمە کۆڵ

بـۆ ئـارامـی و بـۆ ژیان
فیدای دەکەم، ماڵ و گیان

# پزیشکی چاو




منم، من، پزیشکی چاو
وەکــو ڕووناکـی هەتاو

ئـاســۆی بـیـنـینی ژیان
دەپـــارێــزم، بـێ زیان

لە دوور بێ، یاخود نزیك
چــارەی دەکــا، پزیشك

بە چـاویـلکە و بە قەترە
کــاریــگـەری بـاشـتـرە

بـۆ بـیـنــایـی چـاوەکان
گـوێـگـرە، ڕێنماییەکان

# پۆستەچی



منم، منم، فەرمانبەر
پۆستەچیمە و نامەبەر

ئەو نامەیەی بۆ من دێ
لە شار بێ، یاخود لادێ

هەمووی بەمن دەسپێرن
بە نامە، بۆم دەنێرن

منیش بە ڕێك و پێكی
زۆر بە جوانی و بە چاکی

بێباکی خۆم، دەنوێنم
ئەو پەیامە دەگەینم

# دادوەر



مـــــن دادوەرم، دادوەرم

هـەر خــۆشــم، بڕیاردەرم

لـەســەر گــرفــت و کێشە

مــن زانــیــاریم، لـە پێشە

لـەســەر کــەیسی داواکار

من ڕێکدەخەم، ئیش وکار

بـە چەکوشـەکەی دەستم

بـە بـیـر و هۆش و هەستم

بـە پێـی یـاسا و ڕێساکان

دەردەکــەم، بــڕیــارەکان

# وێنەگر



مـنـم، مـنـم، وێـنـەگـر
پـیـشــەوەرێکی دڵگـیـر

بـە کامـێرای پێشکەوتوو
بــۆ ڕابـــردوو و داهاتوو

بـۆ بـۆنـە و بـۆ یادەکان
بـۆ شـایی و ئاهەنگەکان

دەچرکێنم، وێنەی جوان
بـۆ یـادەوەری هەمـووان

تـا بـمـێـنـێ ئێجگـاری
لـە ئەلـبـوومی یادگـاری

# پۆلیس



مــن پـۆلـیسم، پـۆلـیسم
لە پـیشـەی خۆم، بەرپرسم

بـــــــردنی زێـــڕ و دراو
لــە ڕووداوی نــەخـــوازراو

بـە پــــلان و بـــە زۆر بار
دەســگـیـر دەکەم، تاوانبار

کەلەپچەی لەدەست دەکەم
ڕادەســتـی دادگای دەکەم

تــا دادوەر، بــڕیــار دەدا
ســـزای تــاوانــبـار دەدا

# مامۆستا



مـن نــاوم، مـامــۆستایە
وام لـەجـێـی بـابە و دایە

خـەمی تــۆم، لە کۆڵدایە
چـونـکـە پیشەکەم، وایە

بـۆ پەروەردە و فێرکردن
ڕێی تـاریـك، ڕۆشن کردن

بـۆ زانــســـت و زانـیاری
بـۆ کۆمەڵگای هۆشیاری

فێرت دەکەم، بـە جوانی
لـە ئـایــنــدەت، بـڕوانی

# کەشتیوان



منم، مـــنـم، کەشتیوان
پیـشەی مـنـە، پشتیوان

بـــۆ زانـیـاری نەبیستراو
بـــۆ دیـمـــەنـی نەبینراو

دەچمە بۆشایی ئاسمان
تـایبەتە، جل و بەرگمان

بـۆلای مـانگ و ئەستێرە
کە هـاتـمـــەوە، بـۆ ئێرە

زانـــیـــاری ورد و گرنگ
دەبـەخـشـم، مـنی زرنگ

# پزیشك



مـنـم، مـــنـــم، پــزیـــشك
هیوای لەش ساغیم بیٚ شك

بــۆ تـــاو لـــەرز و ژانـــەسەر
هــەر دەرمــانــە، چارەسەر

شــــروب و حـــەب و دەرزی
بــۆت دادەنـــێم، نــە لەرزی

چـونکـە دەبــنـە چارەسەر
لـــێـیـان نــەبی، بـیٚ خەبەر

دەبــیٚ بـــخـــــوریٚ ڕۆژانە
لـە کـــاتـی خـــۆی دەرمانە

ڕێـــنــمـــایـــی تەندروستی
وەرگـــــــرن، بــە دروستی

# بەقاڵ




مـــن بـــەقـالّم، بـــەقالّم
بە ئـیش و کـار سەرقالّم

بــۆ ژیـان، تــێـدەکۆشم
سەوزە و میوە دەفرۆشم

بەنـێـو شـاردا، دەسوڕێم
کۆلاّن، کـۆلاّن، دەگەڕێم

بـۆ پــێــداویــســتـی ئێوە
هـاوار دەکەم، بەو شێوە

وەرن، بۆ سەوزە و میوە
بــەرهــەمـی واتـان، دیوە

ئـەو پـرتـەقـــاڵ و سێوە
مـن هــێـنـاومـە، بـۆ ئێوە

# ئەندازیار



ئـەنـدازیارم، ئـەنـدازیار
نەخشەسازێکی هۆشیار

لـەسـەر ڕووبەری زەوی
هـەرکە چـاوم، پێکەوی

بـۆ خـانـوو و بـاڵەخانە
بـۆیـان دەکـەم، پێوانە

هـێـلـی بــۆ ڕادەکێشم
تا نەخشەیەك، دەکێشم

بـە دیـزایـن و شـێـوە
وام لـە خـزمـەتـی ئـێـوە

# ماسیگر



مـن مـاسـیگـری وریام
لـە ڕووبـار و لـە دەریام

بە تۆڕ بیّ، یاخـود بەداو
ماسیەکان دەخەمە، داو

دوورم، لـە تـەقـەمـەنی
ڕەچاو دەکـەم، تەمـەنی

ئـەگەر لـە مـن، دەپرسی
ئـەوەیـە، ڕاوە مـاسی

پـیشـەی مـنە، ڕاوکردن
بۆ بـژێـویی و بۆ خواردن

# کارگوزار



کـارگـــــوزاری خـاوێنی
شار بە جوانـی دەنـوێنی

دەپارێـزێ ژیـنگە و خاك
لە پاشماوە و لە خاشاك

هـەر دەگـەڕێ، لـە کۆڵان
لە بەر دەرگا و بەر ماڵان

هـەرچی هـەبـێ لە پیسی
لـە هــیـچ شـتـێ ناپرسی

ڕایـدەمــاڵـێ بـە جوانی
ئـەوەنــدەی کە دەتوانی

ژینگەمـان پـاك ڕادەگرێ
ڕێـزی پیشـەکەی دەگرێ

# مۆسیقار



مــنـم، مـنـم، مۆسیقار
مامۆستای ساز و گیتار

ئۆرگ و عود و کەمانچە
مــن دەژەنـم بە پەنجە

دەف و نـــەی و بلوێرە
هـەرچی ئـالــەتـە لێرە

دەنگ زوڵاڵ و بێگەردە
سـوکنایی دڵـەی بەردە

ئـەو تـۆن و ئـەو ئاوازە
پیشـەی مــنـە و ناوازە

# کەشناس



مــن کەشـنـاسم، کەشناسم
کـــەش و هـــــەوا دەناسم
لـە گشـت وەرزەکانی ساڵ
مـن پیـێتـان دەدەم، هەواڵ
لـە گـۆڕانـکـاری ســروشت
زانـــیـــاریی ورد و درشت
بـە پـیـێـوانـە و بـە ڕێـختەر
کـەش و هــەوای دەوروبەر
پێـشـبـینی دەکـەم، بۆتان
تـا ڕۆشــن بیێ، بـەر چاوتان

# ڕۆژنامە فرۆش



مـــنــم، ڕۆژنـــامـــە فرۆش
هـــەواڵـی جـۆش و خرۆش

پەخش دەکەم، بەگشت لا
زانـــیـــاری بـــەرز و بـالا

پیشەی مـنـە، هەموو کات
بـە دەسـتـی ئـێـوە بگات

ڕۆژانــە لـەســەر شــەقام
لـە خــزمـەتی خوێنەر دام

هــەواڵـــی گـــەرم و تـازە
ئـــەوەی پـێـتــان نـیـازە

کـە بـۆ هـەمـــووان گرنگە
ئـەو ڕۆژنــامــە قـەشەنگە

# بۆیەچی



مـن بـۆیـەچـیـم، بـۆیـەچی
سـەرم لـە ڕەنگ دەردەچی
گەر بچـم، بـۆ هـەر شوێنـێ
بـە جـوانی خـۆی دەنوێنێ
بـــۆ بـیـنــا و باڵـە خانە
بـۆ مـــاڵ و قـــوتــابـخانە
بـە ڕۆلـە و فـلّـچـەی دەستم
پـشـت بە توانام، دەبەستم
گشتیان جوان دەنەخشێنم
بـە ڕەنـگ دەیان، خەملێنم
سـیـمـایــەکـی ڕێـك و جوان
من دەبەخشـم، بە هەموان

# پەرستار



مـــنـــم، مـــنـــم، پەرستار
خاوەن پیشەکی هەستیار

بـەسـەر نەخۆش چاودێرم
ڕۆڵـێـکــی بـــاش دەگێڕم

هـەر وەکـو کەسێکی خۆم
هـەمـیـشـە نـزیـکی تۆم

لـە دوای بـیـنـیـنی دکتۆر
مـن دەکەم، سـەردانی زۆر

بـۆ دڵـنـیـایـی، لە نـەخۆش
هەر بـۆ تەنـدروستی تۆش

پـەرسـتـارە، پـەرسـتـار
وریا و زیـرەك و هـۆشـیار

# جوتیار



من جــوتیارم، جــوتیارم
خـــــاوەنـــی زەوی و زارم

هـەرچی هـەیـە، بە گشتی
لـە دۆڵ و چــیـا و دەشتی

بــەروبـــوومــی کـشتوکاڵ
بـە پـێـی وەرزەکـانی ساڵ

لە سـەوزە و تـەڕە و میوە
لە گـەنم و جۆی ئەم شیوە

بـەرهـەم دەهـێـنـم، بۆتان
بێبەش نـاکـەم من کەستان

# شۆفێری تەکسی




گەر تـۆ لـە مـــن دەپرسی
مـنـم، شـۆفـێـری تەکسی

بـۆ گواستنەوەی سەرنشین
هەردەم، ئـامـــادە بـــاشین

هەر شوێنێك كە بۆی دەچی
كـەمــێـك پـارەی تێدەچی

تـا دەگەیـتە شـوێـنی خۆت
كـار ئـاسـانی دەكـەم بۆت

پـیـشــەكـەی مـن هـەروایە
گـیـان پـارێـزی تـۆی لایە

# کرێکار



من كرێكاری بینام
زیرەك و وریا و دانام


ئیش و كارم بە ڕۆژە
بۆ چوونە سەر پرۆژە

بە چیمەنتۆ و بە بلۆك
دروست دەكەم بینای لۆك

بەهێز و بازووی دەستم
كاردەكەم و ناوەستم

تا وڵات بونیاد بنێم
هەنگاوی باشتر دەنێم

# پزیشکی ددان



مــن پــزیـشـکی ددانم
ئــازار شــکـێـنی گیانم

بــۆ ددانـــێـکـی کلۆر
بــۆ ژان و ئـــازاری زۆر

چــارەســـەرم، لـەلایە
کە بـۆ ئـێـوە، دەوایە

بۆیە دەڵـێم: بە جوانی
هـەتـا بـکـرێ و بتوانی

ددانــت پـــاك ڕابگرە
گـوێ لە ڕێنمـایی بگرە

# کارمەندی بەنزینخانە



کارمەندی بەنزینخانەم
لە خزمەتی ئەوانەم

وا گاز و نەوت و بەنزین
بە شۆفێران، دەفرۆشین

هەمووی یەك بەدوای یەکتر
بە بەرمیل و بە لتر

دابەش دەکەم، بە سەریان
بە پێی پێویستی خۆیان

من بە ڕۆژ و بە شەوان
وام لە خزمەتی هەموان

# باخەوان



مـــنـم، مـــنـم، بـاخەوان
بـۆ گژ و گـیــا، پاسەوان

بـۆ دار و درەخـــت و گوڵ
دەبم بـە هـێـمـا و سومبول

بـۆ ژیـنـگـەی پاك و خاوێن
هەرچی هەیە، بـۆم دەدوێن

لـە بــولــبــول و کـەناری
لـە پـــارك و بــاخـی شاری

دەڵێن: هـــەر تـۆی باخەوان
هەر تـۆی دڵسۆزی هەمووان

# شەمەندەفەر



ئـەوەیـە، شەمـەندەفەر
بـۆ سەر نـشیـن و نەفەر

پێکـهاتـووە، لە فارگۆن
شـوێنی دانیشـتنی تۆن

هۆکارە، بـۆ گواستنەوە
بۆشار بەشار بەستنەوە

ئەگەر ئـێـوە، ئاشنانین
لـەسـەر هـێـلـی ئاسنین

دەڕوا، زۆر بـەخـێـرایی
تـاکـو خـاڵـی کـۆتایی

# کارەباچی



مـن کـارەبـاچیـم، ئێستا
بۆیە پێـم دەڵێن: وەستا

بـە کـێـبـڵ و بـە وایەر
بـە تـەقـسـیم و بە سایەر

بـە سـلـکـێـت و دەرنافیز
من، هەرگیز لێنادەم فیز

تەزووی کـارەبا یەکسەر
چارە دەکەم، بێ کەسەر

چـونکـە مـنـم، پیشەوەر
ڕۆشـن دەکەم، دەورووبەر

# دارتاش



مـن دارتـاشـم، دارتـاشـم
بـە جــوانــی دار دەتاشم

بـە ئـامــێـر و بـە مــشار
بـە چەکوش و بـە بـزمـار

جـگـە لە دەرگا و کەنتۆر
شێوە و شکلی هەمە جۆر

چێدەکەم، مـێز و کورسی
گـــەر دەتــــەوێ بـپـرسی

مــن دارتـــاشــێـکـی چاکم
لـە ئــیـش و کـار چالاکم

# بەڕێوەبەر



منم، من، بەڕێوەبەر
ڕێنمایم بۆ دەوروبەر

هەمیشە وەکو ڕێبەر
بە سەریان دەبمە سێبەر

پیشەی منە، ڕاستگۆیی
دوور لە وشەی بەدگۆیی

فرمانەکان، دەردەکەم
خۆشم جێبەجێی دەکەم

یەکسانی و دادپەروەری
پیشەی منە، سەروەری

# فیتەر



بـۆ مەکـیـنـە و ڕادێتەر
مـنم، بـاشـتـریـن فیتەر

لە ئـۆتـۆمبێل، شـارەزام
بە دەست و بردوو ئازام

بە ئـامـێـر و کـۆمپیوتەر
بۆتان دەکەم، چارەسەر

ئـەوەنـدەی کە دەتـوانم
لـە کـێـشــەیـان، دەزانم

مـن هەمیشە، بەو شێوە
خزمەت دەکەم، بە ئێوە

# پزیشکی ئاژەڵان



پــــزیــشـــــکی ئــاژەڵانم
لـە کـێـڵـگـە و لـە مـاڵانم

گەر بانگم بکەن، یەکسەر
بـۆیـان دەکەم، چارەسەر

بـە دەرمــان و بـە دەرزی
بە لێزانی و ئـاسـت بەرزی

کـێـشـە و گـرفـتی ئاژەڵ
نـاهـێـڵـم، لـە نـاو مێگەل

پـیـشـەی مـنـە، هاوسۆزی
چــارەی دەردی ئـــاڵۆزی

# ئاسنگەر



ئاســـنگـەرم، ئـاســنگەر
ئــەوە مــنــم، پــیشـەگەر
بـۆ خـزمـەتی گشت لایەك
بـە چـەكـوش و دەزگایەك
بـە ئــاســن و بـە شیشە
مـن کـار دەکەم، هەمیشە
بـۆ خـانــوو و بــاڵـەخانە
بـۆ مــاڵ و قــوتــابـخانە
دروست دەکەم، پەنجەرە
دەرگـا و پایە و مەحجەرە
ئــەوەی دەیــەوێ بیکات
پیشەی منە، هەمـوو کات

# شۆفێر



مـن شۆفێرم، شۆفێرم
ژیـــر و وریـــا و بـوێرم

ڕێـزی یاســـا، دەزانم
دەیخەمـە سەر چاوانم

پـەلـە نـاکـەم، لە ڕێگا
تا دەگەمـە، ئەو جێگا

بە هـێمنی و لەسـەرخۆ
هەرگیز ناڕۆم، سەرەڕۆ

وەك شــۆفـێـر و پیادە
یـاســا دەکــەم، پیادە

# سەرتاش



من سەرتاشم، سەرتاشم
پرچی نارێك دەتاشم

بە شێوازێكی تازە
ئەوەی تۆ پێت نیازە

بە مەقەس و مەكینە
بەرامبەر بە ئاوێنە

لەسەر كورسی دانیشە
وەكو جاران، هەمیشە

بڵێ: پرچم، بتاشە
ئەوەی بە دڵمە و باشە

# سێرك



منم، من، نمایشکەر
پیشەوەری کاریگەر

لەسەر ستەیج و شانۆ
بۆ دڵخۆشی من و تۆ

نمایشی جۆرا و جۆر
پاڵپشت بەهونەری زۆر

بۆمان دەکا، نمایش
دەبێ بکرێ، ستایش

پیشەی سێرك هەروایە
دڵخۆشی ئێمەی لایە

# فڕۆکەوان



فـڕۆکـەوانــم، فـڕۆکەوان
بـۆ گـەشــتێـکی فـراوان
بـەرز دەفڕم، بۆ ئاسمان
ئـەوەیە قـسـە و باسمان
کـاتــێ مـن دێـم و دەچم
لە شـێوەی باڵدار دەچم
بـە دوو باڵ و چـوار تایە
بـەهــێـزی ئــەو هەوایە
خـێرا دەفـڕم، لە ئەرزی
بەرەو ئـاسـمان و بەرزی

# دلیڤەری



پێم دەڵێن: بە دلیڤەری
بێنە خواردنی سەفەری

دەبێ بە کپ و کڕی
مەوداکە، خێرا ببڕی

بەرلەوەی سارد بێتەوە
خواردنەکەی بۆ بێتەوە

منیش دەبمە، هاریکار
تاکو شوێنی داواکار

پیشەی منە، بە تێکڕا
خواردنی گەرم و خێرا

# کاپتنی دەریا



مـــنـــم، کـاپــتـنــی دەریا
زیــــرەك و دانـــــا و وریا
لـە نـــاو ڕووبـــار و زەریا
هەر مـن دەگـەم، بە فریا

بـە کـەشـتـی چـارۆگـەدار
هەر خۆم دەبم بەسەردار
لـە ڕۆژ هـەر وەکـو ڕێدار
بـە شـەویـش دەبـمە بێدار

پـیـشـەی مـنه لە ناو ئاو
بـتـپـــارێــزم وەکـو چاو
وەکـو ڕووــاکـی هەتاو
ئـەوەیـە کـــاری تـەواو



## نووسەر

## لە چەند دێڕێکدا... .

# بەختیار حەمەد تامیر ـ کەڵهوڕی

- ساڵی ١٩٨٤ لە هەولێر لە دایکبووە.
- خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە بە ناوەکانی ( لەنیا و لۆنا و لەوەند ) .
- دەرچووی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێرە بەشی بیرکاری لەساڵی ٢٠٠٦–٢٠٠٧.
- دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێوارانە لە زانکۆی سلاح الدين بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لەساڵی ٢٠١٧–٢٠١٨.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١– ئاوێنەی چل گوڵ / هۆنراوە بۆ منداڵان / ٢٠٢١ .

٢– پەیامی چل پەپوولە / هۆنراوە بۆ منداڵان / ٢٠٢١ .

٣– ئاوازی چل مەل / هۆنراوە بۆ منداڵان / ٢٠٢١ .

٤– پیشەوەر / هۆنراوە بۆ منداڵان / ٢٠٢٢ .